ئەستێڵ ئینسایت
ASTELL INSIGHT

## چەند سەرنجێک سەبارەت بە

# جەنگی ئیسرائیڵ و ئێران

ڕەنج نەوزاد

کاروباری جیهانی



# چەند سەرنجێک سەبارەت بە جەنگی ئیسرائیلێ و ئێران

## ڕەنج نەوزاد

Astell Insight

ژووئەنی 2025

کاروباری جیهانی

1. هەموو جەنگەکانی پێشووی ئیسرائیڵ لەسەر سنوورەکانی خۆی بووە، واتە ئامانج و پێوەری سەرەکی پرسی خاک بووە. سەرکەوتن و شکست بە پلەی یەکەم پەیوەست بووە بەوەی ئایا ئیسرائیڵ خاک لە دەست دەدات یان نا، یاخود خاکی زیاتر بەدەست دەهێنێت. چونکە دووژمنانی ئیسرائیڵ ئامانجیان سڕینەوەی ئیسرائیڵە و بە هاوکێشەیەکی سفری شەڕ دەکەن. لەسەر ئەم بنەمایە ئیسرائیڵ لە 48ـەوە هیچ جەنگ و شەڕێکی نەدۆڕاندووە. پێوەری دووەم و سێیەم، پرسی زیانی ماددی و مرۆیی و پرسی ڕەدع بووە. ئیسرائیڵ بەو پێوەرانەش هەموو جەنگەکانی تری بردەوەتەوە. بۆیە خۆیان بە سوپاکەیان دەڵێن ئەو سوپایەیی کە نابەزێت. لەم جەنگەدا پرسی خاک بوونی نییە، بەو مانایەیی ئەگەری لە دەستدان و بەدەست هێنانی خاکی زیاتر بوونی نییە. شەڕەکە لەسەر سنوورەکانی ئیسرائیڵ نییە، هێزی زەمینی لە لایەن ئیسرائیڵ و ئێرانەوە بەکارنایەت. گریمانەیەک هەیە کە لاوازە، ئەویش ئەگەر ئێران لە ڕێگەی حیزبوڵاوە هەوڵبدات لە لوبنانەوە هێرشی زەمینی بکات.

2. لەم جەنگەدا چەند پێوەرێک هەیە بۆ سەرکەوتن و شکست: کام لایەن زۆرترین ئامانجەکانیان بەدەست دەهێنن، بە چ شێوەیەک و بە چ مەرجیک جەنگەکە کۆتایی دێت، کام لایەن سازشی زیاتر دەکات، پرسی ڕەدع، زیانی مرۆیی و ماددی و سەربازیی کام لایەن زیاترە.

3. ئامانجی ئیسرائیڵ بە فەرمی لەناوبردن یان گەیاندنی زیانێکی گەورەیە بە پڕۆژەی ئەتۆمی ئێران. تا ئێستا بە دڵنیاییەوە زیانی گەیاندووە بە پڕۆژەی ئەتۆمی، بەڵام ڕوون نییە جارێ زیانەکە تا چ ئاستێکە یاخود تا کۆتایی جەنگەکە دەگاتە چ ئاستێک. ئامانجەکانی تری ئیسرائیڵ بریتییە لە لاوازکردنی ئێران لە ڕووی مووشەکی بالیستی و سەربازی و سیاسی و هەژموون. لەسەر ئاستی هەژموون و سیاسەت پێش شەرەکەش ئیسرائیڵ براوە بوو، هەژموونی ئیسرائیڵ لە دووای حەوتی ئۆکتۆبر زۆر زیاتر بووە، هێ ئێران زۆر کەمتر بووە و گەورەترین گورزی بەرکەوتووە. لە ڕووی زیانی سەربازییەوە زیانەکانی ئێران زۆر گەورەیە و دەیان جار زیاترە لە هی ئیسرائیڵ.

لەسەر ئاستی مرۆیی زیانەکانی ئێران وەک ژمارە زیاترە، وەک کوالێتی سەدان جار زیاترە لە هی ئەوەی ئیسرائیلێ.

4. ئامانجێکی تری ئیسرائیل بریتییە لە درووستکردنەوەی رەدع و ترساندنی ئێران و هەر دەوڵەت و لایەنێکی تر کە جارێکی تر هێرشی نەکەنە سەر. ئەمەیان تا ڕادەیەکی زۆر درووست بووە، هەموو لایەنەکانی بەرەی ئێران، بە خودی ئێرانەوە، یەک مەرجیان هەیە ئەویش ئەوەیە ئیسرائیلێ جەنگ ڕابگرێت. ئەمە مانای وایە ئەو هێزانە، لایەنی کەم بۆ ماوەیەکی درێژ، بیر لەوە ناکەنەوە دووبارە شەڕی ئیسرائیلێ بکەن.

5. لە ڕووی ئابووری و تێچوونەوە، بە پێچەوانەی شەڕەکانی ئیسرائیلێ لەگەڵ حەماس و حیزبوڵا کە تێچوونی جەنگ لە ڕووی مووشەک و کەرەستەی سەربازییەوە هی ئیسرائیلێ زۆر گەورەترە، لەم جەنگەدا تێچوون بۆ ئێرانیش زۆر بەرزە. بۆ نموونە ئەو مووشەکانەی ئێران ئاڕاستەی ئیسرائیلی دەکات، زۆر گرانترە لە موشەکەکانی سیستەمی بەرگری ئیسرائیلێ. رۆژانە ئێران بایی سەروو لە 100 ملیۆن دۆلار تەنیا لە بەکارهێنانی ئەو مووشەکە بالیستیانە خەرج دەکات. هاوکات، لە ڕووی زیانی ژێرخانەوە، زیانەکانی ئێران تا ئێستا زۆر گەورەترە لە هی ئیسرائیلێ. چونکە لەناوبردنی دەیان و سەدان خانوو و باڵەخانەی مەدەنی، ناگاتە تێچوونی یەک ژێرخانی ئەتۆمی یان مووشەکی و سەربازی. ئێران زیانەکانی زیاتر لە ژێرخانی سەربازی و ستراتیژی و ئەتۆمی و نەوت و گازە، ئیسرائیلێ زیانەکانی زیاتر لە ژێرخانی مەدەنییە، وەک باڵەخانە و خانوو. جگە لەوەی زیان گەیاندن بە بەندەرێک یان ژێرخانێکی گرنگ، لە ڕێگەی فڕۆکەوە زۆر زیاترە بە براورد بە مووشەکی بالیستی. فڕۆکە توانای کاولکاری زیاترە و وردترە بە براورد بە بالیستی. ئیسرائیلێ لە ڕێگەی فڕۆکەوە زیان لە ئێران دەدات، ئێران لە ڕیگەی مووشەکەوە. فڕۆکە ئاسمان کۆنترۆڵ دەکات، موشەک ئەو توانایەیی نییە. ئیسرائیلێ توانیویەتی تا ڕادەیەکی زۆر ئاسمانی تاران کۆنترۆڵ بکات، بۆیە بە ئارەزوی خۆی کوێی بوێت دەیکاتە ئامانج. مووشەکی بالیستی ئەو توانایەیی سنووردارە. فڕۆکە دەتوانێت بۆ ماوەی چەندین سەعات دۆخی جەنگ بسەپێنێت

بەسەر شارێکدا بە بۆردومان و چاودێری، مووشەکی بالیستی ئەو توانایەی نییە. بۆیە ئەگەر ئیسرائیل ڕۆژانە 10 سەعات بتوانێت لە ئێران بدات، ئێران یەک سەعات دەتوانێت لە ئیسرائیڵ بدات.

6. ئێران لە ڕووی ڕووبەرەوە نزیکەی 75 جار لە ئیسرائیل گەورەترە، دانیشتووانی 8 بۆ 9 جار گەورەترە لە هی ئیسرائیڵ. ئەمە فاکتەرێکی گرنگە لە هێز و توانای دەوڵەت. ئەگەر ئیسرائیڵ زۆر پێشکەوتووتر نەبێت، ئەستەمە دەوڵەتێکی وا بچوک بتوانێت لەگەڵ دەوڵەتێکی گەورەی وەک ئێران شەڕ بکات، بە تایبەت دووای ساڵ و نیویک لە شەڕ لەگەڵ میلیشیاکانی ئێران، پاشان شەڕ لەگەڵ سەرکردەی ئەو ملیشیانە بکات. لە مێژووی جەنگ و تیۆرییەکانی تایبەت بە هێز و توانای دەوڵەت، ئەمە لۆژیکی نییە و ڕوونادات، بەڵام موعجیزەی ئیسرائیڵ ئەوەی کردووە بە واقع و نزیکەی دوو ساڵە تەماشای دەکەین! پاساوی ئەوەی گوایە ئیسرائیڵ تەنیا بە هاوکاری ئەمریکا ئەوە دەکات، پاساوێکی نا زانستی و وەهمە و ئامانجی ئەوەیە دان بە هەقیقەتێکی تاڵ نەنێت. ڕوون دیارە هێرش و پلان و گورزەکان ئیسرائیڵ خۆی جێبەجێی دەکات، زیانەکانیش هەر بەر خۆی دەکەوێت. مەسەلەی هاوکاری لە هەموو جەنگێک هەیە، ڕووسیا کە زلهێزیکی جیهانە لە لایەن ئێران و کۆریای باکور و تا ڕادەیەک چینەوە هاوکاری دەکرێت. خودی ئێران لە لایەن ڕووسیا و چینەوە هاوکاری دەکرێت، جگە لە میلیشیاکانی. لە زۆربەی جەنگەکانی ئەمریکا، بە دەیان دەوڵەت هاوکاری دەکەن.

7. بە هۆی سیستەمی بەرگری و ژێرزەمین و شوێنی تایبەت بۆ پاراستنی هاووڵاتی، ئیسرائیڵ زیانی مرۆیی کەمتر بەردەکەوێت. ئەمە بۆ هاووڵاتیانی ئێران وا نییە. بەڵام لە ئیسرائیڵ هاووڵاتی ڕۆڵی گرنگ دەبینێت لە بڕیاری جەنگ و کۆتایی پێهێنانی، لە ئێران ئەوە نییە. حکومەت و سوپای ئیسرائیڵ پشتگیری کۆمەڵگەی لەگەڵە، هی ئێران وا نییە.، بەڵکو زۆرێکی دژین. ئەم فاکتەرانە کاریگەری درووست دەکەن لەسەر ماوەی جەنگەکە.

8. ئەگەر خۆپێشاندان و چالاکی ناوخۆ دژی ڕژێم ڕووبدات، ئەوا ڕژێمی ئێران بە ئەگەری زۆرەوە دەڕوخێت لە کۆتایی ئەم جەنگە. ئەگەر ئەوە ڕوونەدات، بە ئەگەر زۆرەوە جەنگەکە بە ڕێککەوتن کۆتایی دێت (لەوانەیە پاش چەند هەفتەیەک یان چەند مانگێک). لەو ڕێککەوتنە، بە پێی پێدراوەکان، ئێران دەبێت سازش بکات، زیانەکانی زۆر ستراتیژی و گەورەترن، میلیشیا و پرۆژەی ئەتۆمی و مووشەکی، زۆربەی سەرکردە گرنگەکانی لە پاسداران... لە دەست دەدات یان بە لاوازی دەمێننەوە. ئێران لە ئێستاوە هەژموونی ناوچەیی خۆی تا ئاستێکی زۆر بەرز لەدەستداوە. ئیسرائیلّ بە پێچەوانەوە. ئێران لە پاش جەنگەکە، ڕووبەڕووی چەندین قەیرانی بێ وێنە دەبێت لەسەر ئاستی ئابووری، ناوخۆ، سەربازی و سیاسی.

9. بە پێی هەڵسەنگاندنی سوپا و دەزگا ئەمنییەکانی ئیسرائیلّ لە پێش شەڕەکە، پێشبینی کراوە کووژراوەکانی ئیسرائیلّ لە شەڕی ئێران لە نێوان 800 بۆ 4 هەزار کەس بن. واتە پێش وەخت ئیسرائیلّ زانیویەتی و خۆی ئامادەکردووە بۆ زیانێکی مرۆیی مامناوەند و زیانێکی ئابووری و ژێرخانی گەورە.

10. بە پێچەوانەی میدیا و زۆربەی خەڵک، شێوەی جەنگ و گورز و هێرشەکان، بۆ ئیسرائیلّ و ئێران سوپرایز نییە. ئێران باش دەزانێت توانا هەواڵگری و تەکنەلۆژییەکەی ئیسرائیلّ تا چ ئاستێکە، هەر بۆیە هەمیشە خۆی لادەدا لە جەنگی ڕاستەوخۆ. ئیسرائیلّیش باش زانیویەتی ئێران دەتوانێت بە مووشەک ئەو زیانانە بگەیەنێت. ئەگەرنا، دوو ساڵ بۆچی شەری بەرەی ئێران دەکات؟ بێ گومان چونکە دەیزانی ئێران بەهێزە و هەڕەشەیە و دەبێت لاوازبکرێت. ئەوەی مایەیی شۆک بوو بۆ ئێران، تەنیا کاتی هێرشەکەی ئیسرائیلّ بوو، نەک توانا هەواڵگری و گەیشتن بە ئامانج و هێزە ئاسمانییەکەی. کاتی هێرشەکە وای کرد، کۆمەڵێک ئامانج کە دەکرا بە شەش مانگ بەدەست بێن، ئیسرائیلّ بە یەک ڕۆژ بەدەستی هێنا. تەنیا ئەمە ئێرانی شۆک کرد. وەڵامەکانی ئێران هەر هەمووی چاوەڕوانکراوە لە لایەن ئیسرائیلّەوە، تەنانەت دەزگا ئەمنییەکانی ئیسرائیلّ پێیانوایە تا ئێستا دەستکەوتەکان زیاترن و زیانەکان کەمترن لەوەی

پـلانی بۆ دانـرابـوو و چـاوەڕوانـدەکرا. پێشبینی کردنی ئەوەی شەڕەکە دەکرێت ببێتە مـایەیی کووژرانی 4 هەزار ئیسرائیلی، ئەوە دەردەخات کە مۆساد و شاباک و سوپا زانیویانە ئەم جەنگە قـوورس و گەورە دەبێت. خـودی نەتـانـیاهۆش یەکەم ڕۆژ ئـامـاژەی پێکرد، کە ڕۆژگـارێکی سەخـت بەڕێوەیە، بەڵام سەرکەوتنێکی مێژوویی بەدواوەیە.

11. ئامانجی ئێران تەنیا ڕاگرتنی شەڕەکەیە و پاشان بانگەشەی سەرکەوتن. بۆ ئەم ئامانجە، یەک ئـامـرازی سەرەکی هەیە، ئەویش بۆردومـانکردنی ئیسـرائیلٚ بە سەدان مـووشەک بەو هـیوایەیی زیانە مـرۆییەکان وا بکەن ئیسـرائیلٚ بـوەسـتێت یا خەڵک نـاڕەزایەتی دەرببڕن. هەمـان پـلانی حەماس و حیزبولڵایە، کە وێران کران و ئەو ئامانجە نەهاتە دی. ئەگەر بێتە دی، ئەوا کاتی دەوێت و تـا ڕوودەدات، ئێران بە تەواوی لاواز کراوە. دووژمـنانی ئیسـرائیلٚ هەمـیشە ئەوە وەک چەک دژی ئیسـرائـیل بەکاردەهێنن کە دەوڵەتێکی دیـموکراتە و بـایەخ بە ژیانی هـاووڵاتـیانی خۆی دەدات! دووژمـنانی ئیسـرائیلٚ خۆیان بەهـای مشک و جـرج بۆ خۆیان و هـاووڵاتیـانیان دادەنێن. تەنیا ئەم خاڵە بەسە بۆ ئەوەی بزانین بۆچی لە 48ـەوە ئیسرائیلٚ براوەیە و ئەوان دۆڕاو. ناکرێت گرنگترین چەک و تەکتیک تەنیا ئەوە بێت کە ئیسرائیلٚ بە ئەخلاق و بەرپرسە بەرانبەر بە مرۆڤی خۆی، بەڵام دووژمنانی ئیسرائیلٚ بەد ئەخلاق و نا بەرپرسن بەرانبەر بە مرۆڤی خۆیان. هەر بۆیە یەک تەرمی ئیسرائیلی دەکرێت لەگەڵ 100 فەڵەستینی زیندوو ئاڵوگۆڕی پێبکرێت. شەڕەکە لە نێوان ئەخلاق و بەدئەخلاقییە، لە نێوان مرۆڤ و کۆمەڵێک جرج و مشک و گیانلەبەری قێزەونە.

12. لەوە دەچێت ئیسـرائیلٚ دوو هەفـتەی تـر بەردەوام بێت لە شەڕەکە، لەو مـاوەیەدا تـوانـا ئەتۆمییەکەی ئێران تەواو لاواز دەکات و ڕایدەگرێت بۆ چەندین ساڵی تر، توانا مووشەکییەکەی لاواز دەکات، گـورزێکی سەربـازی گەورەشی لێدەدات، قەیـرانێکی ئـابـووری گەورەی بۆ درووسـت دەکات، جـگە لە گـورزێکی کووشـندە لە هەژمـوونە ئـیقلیمیەکەی ئێران (تـا ئێستا زۆربەی هـاتووەتە دی). لەم دوو هەفـتەیەدا ئەگەر ئیسـرائیلٚ بـزانێت لەنـاوخۆ خەڵک هـیچ چـالاکییەک نـاکات دژ بە ڕژێم، ئەوا شەڕەکە بەو دەسـتکەوتـانەوە ڕادەگـرێت، ئەگەر جـوڵەیەکی جەمـاوەری

درووســت ببێت، لەوانەیە بەردەوام بێت تـا کەوتنی ڕژێم. ئێران لە دووەم ڕۆژی جەنـگەکەوە بە فەرمی ڕایگەیاند ئەگەر ئیسرائیلێ شەڕ بوەستێنێت، ئێرانیش دەوستێت. واتە دەستپێکردن و کۆتایی هاتنی جەنگەکە لە دەست ئیسرائیلە تا ئێستا. بە بێ جوڵەیەکی جەماوەری لەناوخۆ، ڕژێمی ئێران ناڕووخێت، ئیسرائیلیش ئەمە دەزانێت، بۆیە ڕووخانی ڕژێمی نەکردووەتە ئامانج.

13. کووشــتنی خــامــنەیی ئەگەرێکی کراوە و نــزیکە، بە تــایــبەت ئەگەر ئێران زیانێکی گەورە و چاوەڕواننەکراو لە ئیسرائیل بدات.

14. لێرەدا تەنـــیا ئـــامـــاژە بە خـــودی شەڕەکە کرا لە یەک ڕەهەنـــدەوە، کە هەردوو لایەنی جەنگەکەن. هاوکێشە نێودەوڵەتی و ئیقلیمیەکان ڕۆڵی گرنگ دەبینن. ڕۆڵی ئەمریکا و چین و ڕووسیا لەم جەنگەدا دەبێت بە گرنگ تەماشا بکرێت. بە گشتی، هاوکێشەی ناوچەکە لە دوای جەنگەکە گۆڕانی گەورەی بەسەردا دێت، بە تایبەت لە ڕووی هاوکێشەی هێز و هەژموونەوە.

---

سەرچاوە: بەشی کاروباری جیهانی ئەستێڵ

* ڕەنج نەوزاد لێکۆڵەری دوکتۆرا لە زانستی سیاسی و پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان لە زانکۆی وارشۆ، لە وڵاتی پۆڵەندا.